

رەباب ساغر

ئەسکەندەری مەزن

بەکوردی کردنی:
زێبار عزیزخان مهاجر

سەرکردەکان

٩

کەسایەتییە

درەوشاوەکان



ئەسکەندەری مەزن

ئامادەکردنی: ڕەباب ساغی

بەکوردی کردنی: زێبار عەزیزخان مهاجیر

پێناسی کتێب:

ناوی کـتێب:　ئەسکەندەری مەزن

نووســـــینی:　ڕەباب ساغی

وەرگـــێڕانی:　زێبار عەزیزخان مهاجر

نەخشەسازی:　زێبار عەزیزخان مهاجر

بــــــــەرگ:　بەرەکات قورەتاس

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم، ٢٠٢٢

بـــــڵاوکـار:　نووسینگەی کاروان

تـــــــــیراژ:　١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (٨٤٧) بۆ ساڵی (٢٠١٩) پێدراوە.



ناونیشان: دیانا، سۆران، کوردستان. بۆ پەیوەندی کردن: ٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥


Karwancenter18@gmail.com



ئەسکەندەری مەزن


٣٥٦ – ٣٢٣ پێش زایینی

ناوەڕۆك



الفهرس





بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی وەرگێڕ

بێگومان مێژوو تۆمارگەیەکی فراوانە، دەوڵەمەندە بە ژیاننامە و ڕووداوی کاریگەر و بایەخدار، کە مایەی پەند و وانەن بۆ نەوە یەك لە دوای یەکەکان. مێژوو؛ زۆرجار خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەم زنجیرەیەی بەردەستمان خستنەڕووی پوختەی ژیاننامەی پۆلێك لەو کەسایەتییانەیە، کە توانیویانە جێ پەنجەی خۆیان بەسەر لاپەڕەکانی مێژوو جێبهێڵن، هەروەها کاریگەریان لەسەر ئاراستە کردنی ڕێڕەوی مێژووی مرۆڤایەتیەوە هەبێ.

ئەسکەندەری مەزن؛ یەکێکە لە سەرکردە هەرە گەورەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، لە تەمەنێکی کەم و بە لێهاتوویی و بەهرە

سەربازییەکانی توانی زۆربەی هاوکێشە سەربازییەکانی سەردەمی خۆی لە بەرژەوەندی خۆیدا سەراوژێر بکات، بەمەش بەسەر زۆربەی دەوڵەت و ئیمپڕاتۆرییەتەکانی سەردەمی خۆیدا سەربکەوێت، هەروەها توانی زۆربەی وڵاتان بخاتە ژێر ڕکێفی حوکمڕانی خۆیەوە. لە ڕیزی ئەو ئیمپڕاتۆرانەیە، کە توانیویانە حوکمی زۆربەی بەشەکانی جیهان بکەن.

ئومێدم وایە؛ ئەم بەرهەمە، مایەی ڕەزامەندی خوای گەورە بێ، کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە، خزمەتێك بە خوێنەرانی ئازیز بکات و زیاتر ئاشنایان بکات بە ژیان و بەرهەمەکانی ئەم کەڵە پیاوانە.

زێبار عەزیزخان مهاجیر

پێشەکی

هەر کە گفتوگۆ دەکرێ دەرباری گەورەترین ڕزگارکەر لە جیهاندا، ئەوا ناوی ئەسکەندەر بەشێوەیەکی ڕۆشن دەردەکەوێت. ئەسکەندەری سێیەمی مەقدۆنی کە لە مەقدۆنیا لە ٣٥٣ لە دایك بوو، یەکێکیش بوو لە پاشاکانی یۆنانی کۆن. وا لێی زانراوە کە یەکێك بووە لە سەرکەوتووترین سەرکردەکانی جەنگ بەدرێژایی ڕۆژگارەکان، دەوترێ هەڵساوە بە ڕزگارکردنی زۆربەی ناوچەکانی جیهان، کە یۆنانیە کۆنەکان وەك خاکی جەنگ ئاماژەیان پێ دەکرد. ئەسکەندەر تەختی مەقدۆنیای گرتەدەست لە دوای مردنی باوکی (فلیپی دووەم).


المقدمة

كلما دار حوار عن أعظم الفاتحين في العالم، يبرز اسم « الإسكندر » بشكل جلي. إن « الإسكندر المقدوني الثالث » الذي ولد في العام ٣٥٦ قبل الميلاد هو من « مقدونيا »، أحد ملوك اليونان القدماء. يعرف عنه أنه أحد أنجح القادة الحربيين على مر العصور، ويقال إنه قام بفتح معظم مناطق العالم التي كان الإغريق القدامى يشيرون إليها على أنها أرض الغزو. تسلم « الإسكندر » عرش « مقدونيا » بعد وفاة والده « فيليب الثاني ».

دوای زاڵبوونی بەسەر شانشینەکانی دەوروبەر، ڕویکردە نیمچە دوورگەی عەرەب، بەڵام ئاڕاستەی یەکەمی ڕۆیشتن بوو بەرەو خۆرهەڵات، بۆ کەناری زەوی و دەریای دەرەکی گەورە، وەك چۆن مامۆستا و ڕابەرەکەی کە ئەڕستۆ بوو لە منداڵیەوە وا وەسفی بۆ دەکرد.

ئەسکەندەر دوای دوازدە ساڵ لە هەڵمەتی سەربازی بەردەوام و لە ساڵی ٣٢٣ پ.ز کۆچی دوایی کرد. لە میانەی ژیاننامەی ئەسکەندەری مەزن کە لێرەدا دەخرێتەڕوو، چەندین هەواڵ دەخوێننەوە، هەیانە باسکراوە و هەشیانە باسنەکراوە لەبارەی ئەم پاڵەوانە جیهانییە ئەفسانەییە.

بعد تغلبه على الممالك المجاورة، توجه نحو شبه الجزيرة العربية، لكن رؤيته الأولى كانت بالتوجه إلى الشرق، إلى مشارف الأرض والبحر الخارجي العظيم، كما كان يصفه معلمه ومرشده منذ الطفولة « أرسطو : **Aristotle** ».



توفي « الإسكندر » بعد اثني عشر عاما من الحملات الحربية المتواصلة، وذلك في العام ٣٢٣ قبل الميلاد. من خلال سيرة حياة « الإسكندر الأكبر » هذه، سوف تقرأون العديد من الأخبار، منها ما تم سرده ومنها ما لم يسرد من قبل، عن هذا البطل العالمي الأسطوري.

ساڵانی سەرەتا

ئەسكەندەری كوڕی فیلیپ لە (بیلا) لە (مەقدۆنیا) لە دایك بوو، ژەنەڕاڵ و ڕێكخەرێكی مەزن بوو. دایكی (ئولمبیا) شازادەی (ئەبیروس) بوو، زۆر زیرەك بوو و زووش هەڵدەچوو. بە پشت بەستن بە (بلوتارك) لە كتێبی (ئەسكەندەر ١. ٣ - ٣)، فیلیپ ترسی نەبوو لەوەی (ئولمبیا) سكپڕ بووە بەهۆی لەگەڵ ئەژدیهاكان نووستووە، بەڵكو لەگەڵ زیوس نووستوە. بلوتارك لە كتێبی ئەسكەندر (٢ . ٢ - ٣) و (٣. ٢ - ٣) ئاماژەی بەوە كردووە هەر یەكێك لە (فیلیپ و ئولمبیا) خەونیان بینیوە بە بوونی كوڕی ئایندەیان.

السنوات الأولى

ولد « الإسكندر » ابن « فيليب » في « بيلا »، « مقدونيا »، وكان جنرالا ومنظما عظيما. كانت والدته « أولمبيا » أميرة « أبيروس »، وكانت حادة الذكاء ولكنها شديدة الانفعال. استنادا إلى « بلوتارك » في « الإسكندر ٣. ١ - ٣ »، ليس « فيليب » الذي كان يخاف من « أولمبيا » وانجذابها للنوم مع الأفاعي هو الذي جعلها حاملا، بل زيوس. يشير « بلوتارك » في « الإسكندر ٢. ٢ -٣ » إلى أن كلا من « فيليب » و « أولمبيا » حلما بولادة ابنهما المستقبلية.

(ئولمبیا) خەونی بە دەنگی هەور و تریشقەکەیەوە بینی لە سکی خۆیدا، (فیلیپ) خەونی بەوە بینی کە سکی بە مۆری شێر کۆتایی پێهاتووە. فیلیپ ترسا لەم خەونەی، پرسی بە فاڵچی (ئەریستاندر تالمیسی) کرد، ناوبراو ڕایگەیاند کە ژنی فیلیپ سکپڕە، منداڵەکەش سیفەتەکانی شێری دەبێ. دوای ڕۆیشتنی (فیلیپ) بۆ لای جادووگەر (ئامۆن) لە سیوە وەك چۆن ئەم پێنج مێژوونووسە: ئاریان، کورتس، دیودورس، جستن، بلوتارك گێڕاویانەتەوە، پڕوپاگەندەی وا بڵاوبوونەوە کە جادووگەرەکە ئەوەی دۆزیوەتەوە کە باوکی ئەسکەندەر ((زیوس)) بووە نەوەك ((فیلیپ)).

ئەسکەندەر باشترین خەسڵەتەکانی باوکی بۆی مایەوە، بەڵام حەزی لە باوکی زیاتر بوو. زۆر گریا کاتێك بیستی فیلیپ چەند شوێنێکی ڕزگارکردووە، وتی: ((باوکم لە هەموو شتێکدا پێشم دەکەوێتەوە، هیچ شتێکی گەورە ناهێڵێتەوە کە بیکەم)).


حلمت « أولمبيا » بدوي رعد وبرقي في رحمها، أما « فيليب » فحلم أنه ختم رحمها بختم الأسد. شعر « فيليب » بالرعب من هذا الحلم ، واستشار العراف « أريستاندر التاليسي »، الذي أعلن أن زوجته حامل، وأن المولود سوف يتصف بصفات الأسد. بعد زيارته لعرافة « أمون » في سيوه، واستنادا إلى المؤرخين الخمسة « أريان » و « كورتس » و « ديودورس » و « جستن » و « بلوتارك »، انتشرت الشائعات بأن العرافة كشفت بأن والد « الإسكندر » هو « زيوس »، وليس « فيليب ».

ورث « الإسكندر » أفضل الصفات عن والديه، لكنه كان أكثر طموحا حتى من والده. بكى بمرارة عندما سمع عن فتوحات « فيليب »، وقال : « سوف يسبقني والدي في كل شيء، ولن يترك لي أي شيء عظيم لأقوم به ».

دایکی ئەسکەندەر فێری ئەوەی کرد کە (ئەخیل) یەکێکە لە باپیرانی، لە ڕەچەڵەکی هێرقل. ئەسکەندەر داستانی ئەلیازەی لەبەرکرد، داستانێکە دەستکەوتەکانی (ئەخیل) دەگێڕێتەوە. بەردەوام دانەیەکی داستانەکەی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت، زۆر خێرا ئەخیل بووە نموونەی باڵای ئەسکەندەر.

لە ماوەی ساڵانی هەرزەکاریدا، ئەسکەندەر بەهێز بوو لە هیچ شتێك نەدەترسا. (بسیفالوس) ئەسپە جوان و بەجۆش و خرۆشەکەی جڵەوگیر کرد، پێش ناوبراو کەس نەیتوانی سواری ئەم ئەسپە ببێ یان دەستی لێبدات. بەڵام لە دواتردا ئەم ئەسپە ناوداره ئەسکەندەری هەڵگرت بۆ هیند، دواتر لەوێ مرد. ئەسکەندەر شاری (بسیفالا)ی لەسەر کەناری ڕوباری (هایداسب) دروستکرد وەك ڕێزێك بۆ ئەسپەکەی.

أما والدة « الإسكندر » فقد علمته أن « أخيل » هو أحد أجداده، وأنه متحدر من « هرقل »، حفظ « الإسكندر » الإلياذة، وهي ملحمة تسرد مآثر « أخيل »، عن ظهر قلب. وكان يحمل نسخة منها معه، وسرعان ما أصبح « أخيل » المثال الأعلى له.



خلال سنوات مراهقته، كان « الإسكندر » قويا ولا يهاب أي شيء. لقد روض « بسيفالوس » الحصان الجميل المفعم بالحيوية، وهو حصان لم يجرؤ أحد على لمس أو امتطائه قبله. في وقت لاحق، حمله هذا الجواد الشهير إلى « الهند »، ثم مات هناك. بنى « الإسكندر » مدينة « بسيفالا » على ضفاف نهر « هايداسب » إكراما لحصان العزيز.

خوێندن

فیلیپ سوربوو لەسەر ئەوەی تاکە کوڕەکەی باشترین خوێندن بخوێنێ. ئەسکەندەرو هاوڕێیانی لە ژێر سەرپەرشتی ئەڕستۆ دەیانخوێند، بۆیە ئەڕستۆ بۆ ئەمە دانرا، چونکە ناودارترین فەیلەسوفی ئەو کات بوو. ئەسکەندەر باشترین مەشقی وەرگرت لە بواری جەنگ و سیاسەتدا، باوکی بەخۆی مەشق و ڕاهێنانی پێ دەکرد. دوای ئەمە بووە ئەسکەندەری مەزن.

تاکە قوتابی ئەڕستۆ بوو، کە هەردەم خولیای فێربوونی هەبوو. ئەڕستۆ خۆشویستنی ئەدەبی فێری ئەم گەنجە بە توانایە کرد. ئەسکەندەر بەشێك لە ڕۆژەکانی تایبەت کرد بۆ مەشق و ڕاهێنان لە پێناو بنیاتنانی جەستەیەکی بەهێز. هەروەك ئەڕستۆ وایلێکرد بایەخ بدات بە ڕەگەزەکانی مرۆڤ و ڕووەکەکانی وڵاتانی تر.

الدراسة

حرص « فيليب » على أن يحظى ابنه الوحيد بأفضل تعليم. درس « الإسكندر » ورفاقه تحت رعاية « أرسطو »، الذي تم تعيينه لهذه الغاية كونه الفيلسوف الأشهر في ذلك الوقت. تلقى « الإسكندر » أيضا التدريب الأفضل في مجال الحرب والسياسة، وقد دربه والده بنفسه. بعدئذ أصبح « الإسكندر الأكبر » التلميذ الوحيد لـ« أرسطو »، وكان دائم التوق إلى المعرفة. « أرسطو » هو من ألهم هذا الشاب الموهوب إلى عشق الأدب. خصص « الإسكندر » جزءا من أيامه للرياضة والتمارين اليومية من أجل بناء جسد قوي. كما حفز « أرسطو » لديه أيضا اهتماما حادا بأجناس البشر والحيوانات والنباتات في البلدان الأخرى.

ڕۆشنبیری ئەسکەندەر تەنها لە کتێبەکانەوە نەهات، بەڵکو قسەی دەکرد لەگەڵ نێردراوانی وڵاتان و کەسە گرنگەکانی ناو دەستوپێوەندی باوکی. ئەسکەندەر لە ١٨ ساڵیدا سەرکردایەتی تاقمێکی ئەسپسواری پاشا فیلیپی کرد لە جەنگی کارونیا. بەهەمان شێوە ئەسکەندەر وەك نێردراوی باوکی ڕۆیشتە ئەسینا. لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا بووە پاشای مەقدۆنیا. کاتێك ئەسکەندەر دەجەنگا دژی یەکێك لە هۆزە بەربەرییەکانی باکور، پڕوپاگەندەی مردنی ئەسکەندەر بڵاوبووەوە، خەڵکی شاری (تیبە) یاخی بوون، داوایان لە خەڵکی ئەسینا کردن بچنە پاڵیان. زۆر بەپەلە ئەسکەندەر بە لەشکرەکەیەوە لەبەردەم (تیبە) دەرکەوت، شارەکەی تەفروتونا کرد. جگەلە پەرستگەکان و خانووی شاعیر بیندار نەبێ هەموو خانووەکانی دیکە تێکدران و نزیکەی ٣٠٠٠٠ هاوڵاتی وەك کۆیلە فرۆشران.

لم تأت ثقافة « الإسكندر » من الكتب وحدها، فلقد كان يتحدث إلى سفراء الدول الأخرى وغيرهم من الأشخاص المهمين في بلاط والده. كان في الثامنة عشرة من عمره فقط عندما قاد فرقة من فرسان « فيليب » في معركة « كارونيا ». ذهب « الإسكندر » أيضا إلى « أثينا » بصفته سفيرا لوالده. كان في العشرين من عمره فقط عندما أصبح ملك « مقدونيا ». عندما كان « الإسكندر » يخوض حربا ضد إحدى القبائل البربرية في الشمال، سرت شائعة عن نبأ موته، فتمرد أهل مدينة « طيبة »، وطلبوا من شعب « أثينا » الانضمام إليهم. سرعان ما عاد « الإسكندر » وظهر أمام « طيبة » على رأس جيشه، وفتك بالمدينة. دمرت جميع المنازل في « طيبة » ، بإستثناء المعابد ومنزل الشاعر « بيندار »، وتم بيع ما يقارب ٣٠٠٠٠ مواطن كعبيد.

ئەسکەندەری پاشا

دوای ئەوەی خوێندنی تەواو کرد، کاتێك فیلیپ دەجەنگا لە دەرەوەی وڵات، شازادەی ١٦ ساڵی وەك جێگیر پاشای دانا. دوای ساڵێك ئەسکەندەر یەکەم هێرشی خۆی برد بۆ سەر هۆزێکی ناکۆك لەگەڵی. لە ساڵی ٣٣٨ پ. ز سەرکردایەتی تاقمی ئەسپسواری کرد (ئەو هێزەن کە لەسەر پشتی گالیسکەی ئاسنین جەنگ دەکەن)، باوکی یارمەتیدا بۆ تێکشاندنی لەشکرەکانی ئەسینا و تیبە. لە هاوینی ٣٣٦ پ. ز خوشکی ئەسکەندەر لە ئەجیای پایتەختی کۆنی مەقدۆنیا مێردی کرد. لە کاتی ئەم بۆنەیەدا، فیلیپ لەسەر دەستی گەنجێکی خانەدانی مەقدۆنی کوژرا، ناوی (بوسانیاس) بوو. دوای مردنی باوکی، ئەسکەندەر هەوڵیدا ڕەزامەندی لەشکری مەقدۆنی بەدەستبهێنێت لەسەر گرتنەدەستی تەختی حوکمڕانی.

« الإسكندر » الملك

بعد أن أكمل « الإسكندر » تعليمه، وعندما كان « فيليب » يخوض حربا خارج البلاد، عين الأمير ذا الستة عشر عاما نائبا للملك. بعد سنة قاد « الإسكندر » هجومه العسكري الأول على قبيلة منافسة. وفي العام ٣٣٨ قبل الميلاد قاد فرقة الخيالة (وهي قوات تخوض الحروب على صهوات الأحصنة)، وساعد والده على سحق جيوش « أثينا » و « طيبة ». في صيف العام ٣٣٦ قبل الميلاد تزوجت شقيقة « الإسكندر » في عاصمة « مقدونيا » القديمة « أجيا ». وأثناء هذا الحدث، اغتيل « فيليب » على يد نبيل مقدوني شاب، يدعى « بوسانياس ». بعد وفاة والده، سعى « الإسكندر » إلى نيل موافقة الجيش المقدوني على توليه العرش.

ژەنەڕاڵەکان ڕازی بوون لەسەر ئەمە و وەك پاشا ناساندیان، ئەمە وایکرد ئەسکەندەر ببێتە کاربەدەستی مەقدۆنیا. دوای ئەمە و لە پێناو پاراستنی تەختی پاشایەتی، ئەسکەندەر هەڵسا بە کوشتنی هەر کەسێك کە لەوانەیە داوای عەڕش بکات. سەرباری ئەوەی پاشای مەقدۆنیا بوو، ئەسکەندەر دەسەڵاتی بەسەر هاوپەیمانێتی کۆرنسی بەدەست نەهێنا لەخۆوە. هەندێك دەوڵەتی یۆنانی خۆشحاڵ بوون بە کوژرانی فیلیپ و ئەسینا ویستی هاوپەیمانێتیەکە بەڕێوە ببات. لەو کاتەدا بزوتنەوەی سەربەخۆ خوازە یۆنانیەکان دەستیان بە دەرکەوتن کرد. خێرا ئەسکەندەر لەشکرەکەی بەرەو یۆنان برد بۆ ئەوەی ئەم بزوتنەوەیە بوەستێنێت، وڵاتانی یۆنان دانیان پێدانا وەك سەرکردە و سەرۆك، لە کاتێکدا ئەسپارتە ڕەتی کردەوە بێتە ناو هاوپەیمانێتیەکە.

وافق الجنرالات على ذلك وأعلنوه ملكا، وهذا ما جعل « الإسكندر » حاكم « مقدونيا ». بعدئذ، ومن أجل الحفاظ على عرشه، قام « الإسكندر » بقتل كل شخص قد يطالب بالعرش لنفسه. على الرغم من كوني ملك « مقدونيا »، لم ينل « الإسكندر » السيطرة على « الحلف الكورنثي » بصورة تلقائية. ابتهجت بعض الدول اليونانية المقتل « فيليب »، وأرادت « أثينا »، أن تقود الحلف. فبدأت عندها الحركات الاستقلالية اليونانية بالظهور. سرعان ما قاد « الإسكندر » جيوشه نحو اليونان لكي يوقف هذه الحركات، فاعترفت دول اليونان به كقائد لها على الفور، بينما استمرت « اسبارطة » برفضها الانضمام إلى الحلف.

هاوپەیمانێتیەکە هێزێکی سەربازی بێ سنووری بە ئەسکەندەر بەخشی تا هێرش بکاتە سەر وڵاتی فارس، کە شانشینێکی مەزن بوو و دەکەوتە خۆرهەڵاتی یۆنان.

ڕزگارکردنی وڵاتی فارس

پاشای گەنج و خاوەنی خولیای مەزن هزرەکانی ئاڕاستەکرد بەرەو ڕزگارکردنی وڵاتی فارس. ئەمە بەشێك بوو لە پلانی پێشووی باوکی. هیلیسبونت لەگەڵ لەشکرێکی ٣٥٠٠٠ سەربازی لە بەهاری ٣٣٤ پ. ز بە پارەیەکی کەم کە پێی بوو سەرکێشی کرد و گرەوی کردبوو لەسەر بردنەوەیەکی خێرا.


أعطى الحلف « الإسكندر » قوات عسكرية غير محدودة لكي يهاجم بلاد « فارس » وهي مملكة كبيرة تقع شرق « اليونان ».

فتح بلاد فارس

حول الملك الشاب الطموح أفكاره نحو فتح بلاد فارس. وكان هذا جزءا من مخطط والده من قبله. اجتاز « هيليسبونت » برفقة جيش يتألف من ٣٥٠٠٠ جندي في ربيع العام ٣٣٤ قبل الميلاد ولم يكن يملك سوى القليل من المال، وكان قد راهن على نصر سريع.


لەسەر کەناری گرایکوس فارسەکان ڕووبەڕووی بوونەوە، ئەوانەی لە ڕێی ئەسپسوارەکانەوە تێکشکاند. ئەم سەرکەوتنە ئاسیای بچوکی بە تەواوی خستە ژێر دەستی ئەو. تەنها (هالیکرناسوس) بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگەی گەمارۆکەی گرت. لە ساڵی ٣٣٣ پ. ز ئەسکەندەر توشی نەخۆشییەکی مەترسیدار بوو، بەڵام زوو چاك بووەوە، لە ڕێی کەناری دەریا بەرەو سوریا ڕۆیشت. پاشای وڵاتی فارس (داریۆسی سێیەم) لەشکرێکی مەزنی کۆکردەوە، کەناری دەریای نزیك (ئیسوس)ی کردە قەڵا. ئەسکەندەر بەرەو باکور ڕۆیشت، بەهۆی تاقمەکەی زاڵ بوو بەسەر تاقمە مەزنەکەی سەربازە پیرۆکانی فارس، دەستی گرت بەسەر خێوەتگەی پاشا، کە دایکی پاشا و خێزانەکەی کە ناوی (داریوس) بوو لە خێوەتگەکەدا بوون. بەڵام جوامێریەکەی لە بەرامبەریان باشترین کار بوو کە پێی هەڵسابێت.

واجهة الفرس على ضفاف نهر « غرانيكوس »، فانقض عليهم عبر النهر برفقة الخيالة. فتح له هذا النصر آسيا الصغري بأسرها. وحدها « هاليكرناسوس » صمدت لوقت طويل في وجه الحصار. في العام ٣٣٣ قبل الميلاد أصيب « الإسكندر » بمرض خطير، لكنه سرعان ما تعافى، وانطلق عبر الشاطىء نحو « سوريا ». جمع ملك بلاد فارس « داريوس الثالث » جيشا ضخما، وحضن ضيفة النهر قرب « إيسوس » خلف « الإسكندر ». اتجه « الإسكندر » شمالا، وتغلب على فرق المشاة الفارسية الضخمة بفضل كتيبته، فاستولى على مخيم الملك، الذي يضم زوجة « داريوس » ووالدته. لكن شهامته تجاههما كانت أفضل عمل قام به.




دواتر ڕوویکردە باشور و دوای گەمارۆیەکی ٧ مانگە دەستی گرت بەسەر شاری (سور)دا. شارەکە لەسەر دوورگەیەك بوو، ئەسکەندەر پردێکی دروستکرد بۆ ئەوەی پێی بگات، ئەمرۆش ئەم شارە نیمچە دوورگەیە. زیاتر لە ٨٠٠٠ هەزار کەس لە دانیشتوانی شارەکە سەریان پەڕێندرا و ٣٠٠٠٠ کەسیشیان وەك کۆیلە فرۆشران. هەندێك کات سەرکەوتنی ئەسکەندەر بەسەر شاری (سور)دا وەك گەورەترین دەستکەوت دادەنرێت.

بعدئذ توجه جنوبا واستولى على « صور » بعد حصار دام سبعة أشهر. كانت المدينة تقع على جزير، لكن « الإسكندر » بني جسرا ليصل إليها، وهي اليوم شبه جزيرة. ذبح ما يزيد عن ٨٠٠٠ شخص من أهل صور وتم بيع ٣٠٠٠٠ منهم كعبيد. يعتبر انتصار « الإسكندر » على « صور » في بعض الأحيان كأعظم إنجاز عسكري.




جەنگی ئەربیلا



لە ساڵی ٣٣١ پ.ز ئەسکەندەر گەڕایەوە بەرەی جەنگی فارسی، لەو کاتەدا (داریوس) لەشکرێکی مەزنی کۆکردبووە کە تاقمی ئەسپسواری مەترسیداری تێدابوو، سەرباری ژمارەیەکی زۆر مەزن لەو عەرەبانانەی کە لە مەنجڵ دەچوون و شمشێر بە تایەکانیەوە بوو. فارسەکان ڕووبەرێکی ڕاست و فراوانیان ئامادەکرد لە نزیك ئەربیلا کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ڕووباری تیگریس، ئەو ناوچەیان پاك کردەوە.


معركة « أربيلا »




عاد « الإسكندر » إلى الجبهة الفارسية في العام ٣٣١ قبل الميلاد، وفي هذا الوقت كان « داريوس » قد جمع جيشا ضخما يضم فرقة خيالة إيرانية خطيرة، بالإضافة إلى عدد كبير من العربات المزودة بالسكاكين التي شبه المناجل، والتي تبدو من عجلاتها. مهد الفرس مساحة مستوية واسعة قرب « أربيلا » الواقعة شرقي نهر « تيغريس » ونظفوها.

تاقمی ئەسپسواری فارسەکان بە دەوری لای چەپی لەشکری ئەسکەندەر خولانەوە و دەستیان بەسەر خێوەتگەکەی ئەسکەندەردا گرت، بەڵام بەهۆی هێرشێکی لەناکاو کە بەخۆی ئەنجامیدا ئەسکەندەر توانی داریوس تێکبشکێنێت، لەشکری فارسی ناچار کرد پاشەکشە بکات بۆ بەرەو خۆرهەڵات. ئەم جەنگە بە جەنگی ئەربیلا ناسراوە، هەروەها بە ناوی گواگیمیلاش ناسراوە، ئەم جەنگە لە مێژوودا بە یەکلاکەرەوەترین جەنگ دادەنرێت. شاری بابل خۆی بەدەستەوەدا، ئەسکەندەر بە ئاسانی بە سەر شارەکانی فارسیدا زاڵ بوو لە (سوسە) و (برسوبولیس). هەموو خەڵکی (برسوبولیس) کوژران یان وەك کۆیلە فرۆشران. ئەسکەندەر شارەکەشی سووتاند، تا تۆڵە لەو فارسانە بکاتەوە کە لە ساڵی ٤٨٠ پ.ز ئەسینایان سووتاند.

التفت فرقة الخيالة الفارسية حول الجهة اليسرى من جيش « الإسكندر »، واستولت على مخيمه. لكن، وبواسطة هجوم مفاجى قاده بنفسه، تمكن « الإسكندر » من هزم « داريوس »، وأجبر الجيش الفارسي على الانسحاب نحو الشرق. تعرف « معركة أربيلا » أيضا باسم « معركة گواگيميلا »، تعتبر المعركة الأكثر حسما في التاريخ. استسلمت مدينة « بابل »، واستولى « الإسكندر » بسهولة على المدن الفارسية في « سوسه » و « برسوبوليس » وقد قتل أو بيع جميع سكان « برسوبوليس » كعبيد. كما أحرق « الإسكندر » المدينة، ليثأر من الفرس الذين أحرقوا « أثينا » في العام ٤٨٠ قبل الميلاد.




ئەسکەندەر زنجیرە چیاکانی زاگرۆسی بڕی، چووە پێشەوە بێ



ئەوەی هیچ ڕووبەڕووی بەرگریەك ببێتەوە جگەلە بەرگری هەندێك هۆزی ناوخۆیی. کەناری باشوری دەریای قەزوینیشیی داگیرکرد، دواتر ڕۆیشتنەکە بەرەو خۆرهەڵات بەردەوام کرد، خانەدانە خۆجێیەکانی ئیرانی وەك دەسەڵاتداری تازە دامەزراندن، بەڵام ئەمانە دوای ڕۆیشتنی ئەسکەندەر یاخی بوون. ئەسکەندەر ڕووەو باشور کەوتەڕێ بەرەو ئەرقوسیا و دواتر ڕووەو باکور ڕۆیشت بەرەو ئەفغانستان بۆ ئەوەی شارێك بدۆزێتەوە دەستبدات وەك قەڵا و ناوەندی حوکمڕانی.

اجتاز « الإسكندر » جبال « زاغروس »، وتقدم من دون أن يواجه أي مقاومة باستثناء بعض القبائل المحلية. واحتل الشاطىء الجنوبي لبحر « قزوين ». ثم أكمل تقدمه شرقا، وعين نبلاء إيرانيين حكاما محليين جدد لكن هؤلاء تمردوا بعد مغادرته. انطلق « الإسكندر جنوبا نحو « أرقوسيا » ثم شمالا نحو « أفغانستان » ليجد مدنا تصلح كحصون ومراكز للحكم.




ئەسکەندەر لە میسڕ

کاتێك ئەسکەندەر گەیشتە میسڕ، تووشی هیچ ڕووبەڕوو بوونەوەیەك نەبوو. چونکە میسڕییەکان خۆشحاڵ بوون بە ڕزگاربوون لە دەستی فارسەکان، کە خواوەند و جل و بەرگی فارسیان بەسەر میسڕییەکاندا سەپاندبوو. تا دەربخەن پێشوازی لە یۆنانیەکان دەکەن، بەهۆی ئەوەی ئازادییەکەیان بۆ گەڕاوەتەوە، بوونە هاوپەیمانی ئەسکەندەر لەو کاتەی کە لە میسڕ بوو، ئەسکەندەر وەرچەرخانێکی دیکەشی لە ژیانی خۆیدا جێبەجێ کرد، ئەویش وەرچەرخانێکی ئەفسانەیی بوو. سەردانی پەرستگەی زیوس ئامونی کرد، ئەو شوێنەی پیرۆزە لای هەر کەسێکی میسڕی و یۆنانی، دەکەوێتە لای مێرگی سیوە لە ناوەڕاستی بیابانی لیبی.

« الإسكندر » في « مصر »

عندما وصل « الإسكندر » إلى « مصر »، لم يواجه أي معارضة. ذلك أن المصريين كانوا شهداء لتخلصهم من الفرس، الذين فرضوا عليهم الآلهة الفارسية واللباس الفارسي. ولكي يظهروا ترحيبهم باليونانيين الذين حرروهم وأعادوا إليهم حريتهم، أصبح هؤلاء من خلفاء « الإسكندر ». أثناء وجوده في مصر، أجرى « الإسكندر » تحولا آخر في حياته، وهو تحول أصبح أسطوريا. زار معبد « زيوس أمون »، وهو مكان مقدس لكل من المصريين واليونانيين، ويقع عند واحة « سيوه » في عمق الصحراء الليبية.

کاتێك لەوێ سەردانی کاهینەکانی پەرستگەی دەکرد، میسرییەکان وەك خواوەند ئەویان ناساند. ئەسکەندەر ملکەچی ئاهەنگە میسرییەکان بوو تا ئاستێك پۆشاکی میسری لەبەرکرد، بەڵام هەندێك لە سەربازە کۆنە براگماتی و نەریتییەکانی ئەمەیان پبوڵ نەکرد. دڵنیاش بوون کە ئەسکەندەر خواوەند نییە. ئەسکەندەر ئەوانی دڵنیاکردەوە کە تەنها بۆ ڕێزگرتن لە نەریتە خۆجێییەکان ئەمە دەردەخات، بەڵام هەمووان بە قسەی ئەو ڕازی نەبوون. سەربازەکان زیاد لە جارێك پرسیاریان کرد کە ئایا خۆی بە خواوەند یان پیاو دادەنێت. ئەسکەندەر ماوەیەکی بەسەر برد لە تۆکمەکردنی جێگەی خۆی لە فەڵەستین و سوریادا.



وعندما كان هناك يزور الكهنة المصريين، أعلنه المصريون إلها. استسلم « الإسكندر » للاحتفالات المصرية، حتى إنه ارتدي اللباس المصري، إلا أن بعض جنود القدماء البراغماتيين والتقليديين لم يتقبلوا ذلك. فقد أيقنوا أنه ليس إلها. أكد لهم « الإسكندر » أنه فقط يظهر احترامه للعادات المحلية، لكن لم يقتنع الجميع بكلامه. تساءل الجنود لأكثر من مرة ما إذا كان يعتبر نفسه رجلا أم إلها. قضى « الإسكندر » بعض الوقت كي يحصن موقعه في « فلسطين » و « سوريا ».

سەرکەوتن لە هیند

ئەسکەندەر لەشکرەکەی بەهێز کرد بە ئێرانیەکان، گەیشتە تاڤگە بە پیتەکانی هیند لە ٣٢٦ پ.ز. لەم ناوچەیە زاڵ بوو بەسەر میری هیندی کە ناوی (بوروس) بوو، ئەسکەندەر نەخشەی دانا بۆ هێرشکردنە سەر ڕووباری ((غانج))، بەڵام لەشکرەکەی یاخی بوو. کاتێك خۆی لە دەریادا بۆ شۆڕبوونەوە بەرەو سەرچاوەی ڕووباری (ئیندوس)، لەشکرەکەی بەرەو خۆرئاوا برد لە ڕێی بیابانی (گدروسیا)ی ترسناك. هێزە کەشتیوانیەکەی کە لە خوارەوەی (نرقوسیا) بوو هێنایە کەناری کەنداوی فارسی. هەر یەکێك لە کەشتیگەلەکەی و لەشکرەکەی بەیەکەوە گەڕانەوە سوسە.

النصر في « الهند »

عزز « الإسكندر » قواته بالإيرانيين، ووصل إلى سهول « الهند » الخصبة في العام ٣٢٦ قبل الميلاد. تغلب في هذه المنطقة على أمير هندي يدعى « بوروس »، وخطط للزحف نحو نهر « الغانج »، لكن جيشه تمرد. عندها أبحر نزولا إلى مصب نهر « إندوس »، ثم قاد جيشه غربا عبر صحراء « غدروسيا » الرهيبة. أبحر أسطولة الموجود أسفل « نرقوسيا » بمحاذاة الشاطيء إلى الخليج الفارسي. وعاد كل من الأسطول والجيش معا إلى « سوسه ».

دوای ئەمە ئەسکەندەر سەرقاڵ بوو بە ڕێکخستنی ئیمپڕاتیۆریەتەکەی و ڕێکخستنی. لە کاتێکدا کە لەوپەڕی بەهێزی دەسەڵاتیدابوو، شانشینەکەی لە دەریای ئایۆنی درێژبووەوە تا دەریای باکوری هیندی. پلانی دانا تا ئاسیا و ئەوروپا بکاتە یەك دەوڵەت، خێرو بێرەکانی خۆرهەڵات لەگەڵ خۆرئاوا تێکەڵ بکات، بابلی کردە پایتەختی خۆی. لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکەی، ئەسکەندەر هانی هاوسەرگیریدا لە نێوان هەر دوو گەلەکە، نموونەیەکیشی پێشکەش کرد بەوەی خۆی شازادەی فارسی مارەکرد. هەروەك سەربازی لە هەموو هەرێمەکان هێنایە ڕیزی لەشکرەکەی، سیستەمێکی دراوی یەکگرتووی بەسەر ئیمپڕاتۆریەتەکەی سەپاند، بازرگانی و ئاڵوگۆڕی بەهێز کرد.

بعد ذلك انشغل « الإسكندر » بتنظيم إمبراطوريته وإدارتها. عندما كان في أوج سلطته، امتدت مملكته من البحر « الأيوني » حتى الهند الشمالية. لقد خطط كي يجعل « آسيا » و « أوروبا » دولة واحدة، ويدمج خيرات الشرق بالغرب، واختار « بابل » عاصمة له. من أجل تحقيق هدفه، شجع « الإسكندر » على التزاوج بين الشعبين، وقدم مثالا بزواجه من أميرة فارسية. كما ضم جنودا من مختلف الأقاليم إلى جيشه، وطبق نظاما نقديا موحدا على إمبراطوريته، وعزز التجارة والمقايضة.

هانی بڵاوکردنەوەی هزرو داب و نەریت و یاساکانی یۆنانیدا لە ئاسیا. کاتێك بیستی حوکمڕانی هەندێك ناوچە و هەرێم دادگەر نین، ئەوا لە کاربەدەستی دوویخستنەوە و کەسانی دیکەی لە شوێنیان دانا.

گەمارۆ شاری (سوڕ)

زاڵبوونی ئەسکەندەر بەسەر شاری (سوڕ)دا بایەخی ئەوەندەی جەنگەکانی (ئیسوس) یان (گوگامیلا) نەبوو. شاری (سوڕ) دەکەوێتە سەر دوورگەی قوبالەی کەناری لوبنان، زۆر دووربوو لە وشکانی. قوڵایی ئەو ئاوەی جیای ئەکردەوە لە وشکانی ١٨پێ بوو.


لقد شجع على نشر الأفكار والتقاليد والقوانين اليونانية في « آسيا ». وعندما سمع أن بعض حكام المقاطعات لا يحكمون بالعدل، قام باستبدالهم.

حصار « صور »

لم يكن استيلاء « الإسكندر » على « صور » بأهمية معاركه في « إسوس » أو « غوغاميلا ». كانت « صور » تقع على جزيرة قبالة شاطىء « لبنان »، وكانت بعيدة بما يكفي عن اليابسة. ويبلغ عمق المياه التي تفصلها عنها ١٨ قدما.

بەهۆی ئەوەی دیواری تۆکمەی هەبوو و هیچ خاکێکی بە دەورو پشتەوە نەبوو بۆ چالاکی سەربازی ئەوا زۆر سەخت بوو داگیرکردنی. بەندەرەکەشی پارێزراو بوو بە قەڵا. ئەسکەندەر پێویستی بەو شارە بوو تا زاڵ بێت بەسەر خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، بەندەرێکی ئارام بۆ خۆی دابین بکات تا ڕێگە لەوە بگرێت یارمەتی و زەخیرە بگاتە دوژمنانی. هەوڵەکانی سەرەتای ئەسکەندەر بۆ داگیرکردنی شارەکە شکستیان هێنا، بەڵام خێرا ڕێگەی گرت لەوەی یارمەتی بگاتە شارەکە. بەڵام دانیشتوانی شارەکە زانیان گەمارۆ دێتە پێشەوە بۆیە هەڵسان بە کۆگاکردنی خۆراك و کەل و پەل، ئاوی شیرینیش بۆ دانیشتوانەکەی هەبوو.


لطالما اعتبرت هذه المدينة التي تحيط بها جدران هائلة، وليس فيها فعلا أية أراض خارج الجدران، منيعة، وكان مرفؤها محصنا. احتاج « الإسكندر » إلى المدينة، لكي يسيطر على شرقي البحر المتوسط، ويؤمن لنفسه مرفأ آمنا ليمنع وصول التعزيزات والذخيرة لأعدائه. فشلت محاولاته الأولى في السيطرة على المدينة، لكنه سرعان ما منع وصول المؤونة إليها. لكن الصورون كانوا يدركون أنه قادم، فقاموا بتخزين المؤن، وكانت المياه العذبة متوفرة لسكانها.



ئەسکەندەر هەوڵیدا لە دیواری قەڵای شارەکە بدات بە هۆی مەنجەنیقی سەر پشتی کەشتییەکان، هەروەها هەوڵیدا بورجی تۆکمە لەسەر کەشتییەکان دابمەزرێنێت، تا بگاتە دیوارەکان، بەڵام دانیشتوانی شارەکە کەشتییەکانیان بەهۆی بەردی مەزنەوە تێکشکاند.

ئەسکەندەر نەیتوانی شارەکە داگیر بکات تا سەربازەکانی نزیک نەکردەوەو ڕاکێشەرەکانی قەڵاکەیان تێکشکاند. لە کۆتاییدا؛ ئەسکەندەر فەرمانی کرد بە بنیاتنانی پردێك لە سەر وشکانیەوە بۆ سەر دوورگەکە، درێژی پردەکە ٢٠٠ پێ بوو، دروستکردنی چەند مانگێکی خایاند.

حاول « الإسكندر » ضرب الجدران بالمنجنيق المنصوب على ظهر السفن، وحاول أيضا بناء أبراج محصنة على ظهر السفن، كي تصل إلى الجدران، لكن السكان أغرقوا الفن بواسطة الجلاميد الضخمة.




لم يستطع « الإسكندر » السيطرة على المدينة إلا بعد أن جعل جنوده يقتربون كفاية لجعل قاطرات الحصون تقوم بالتخريب. في النهاية، أمر مهندسيه بردم البحر من البر وصولا إلى الجزيرة. بلغ عرض الجسر الذي بنوه ٢٠٠ قدم، واستمر بناؤه عدة أشهر.

ئەسکەندەر لە (ئێران) و (ئەفغانستان)

لەسەر ئەسکەندەر ئەوە مایەوە ڕووبەڕووی ئەرکی پاراستنی ئیمپراتۆریەتەکەی ببێتەوە. لە کۆتاییدا چەندین جەنگی ئەنجامدا لە ئەفغانستان، لەسەری پێویستیش بوو هەڵسوکەوت لەگەڵ یاخی بووان و فرت و فێڵەکان بکات لەو ناوچانەی پێشتر داگیری کردبوو. دەستی کرد بەلەبەرکردنی جل و بەرگی فارسی لەو کاتەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی فارسی دەکرد. لەگەڵ مەقدۆنیەکان بەردەوام جل و بەرگی یۆنانی لەبەر دەکرد، بەڵام ئەمە ناکۆکی بە تەواوی بنبڕ نەکرد لە نێو ئەفسەرەکانیدا. هەروەك گۆڕانکارییەکانی تر سەختتر بوون.

« الإسكندر » في « إيران » و « أفغانستان »



بقي على « الإسكندر » أن يواجه مهمة صيانة إمبراطوريته الجديدة. في النهاية، خاض معارك عدة في « أفغانستان »، وتوجب عليه التعامل مع المتمردين والمكائد في المناطق التي سبق واحتلها. بدأ بارتداء اللباس الفارسي، عندما يتعامل الرعايا الفرس. أما مع المقدونيين، فاستمر بارتداء اللباس اليوناني، لكن ذلك لم يؤد إلى إزالة الخصام نهائيا بين ضباطه. كما أن التغييرات الأخرى كانت أكثر صعوبة.

مەقدۆنیەکان تەنها بەوە دڵتەنگ نەبوون کە ئەسکەندەر نەیتەکانی خۆرهەڵاتی پیادەکرد، بەڵکو بەوەش هەراسان بوون کە فەرمانبەری خۆرهەڵاتی دامەزراندن. ژمارەیەك پلانگێڕی و ڕاپەڕین دژ بەو کرا، بەڵام زۆر بە بوێرانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەر یەکێکیانی کرد. زۆربەی کێشەکان لەلای کۆمەڵەی فەرمانبەرەکانی ئەوەوە بوو، هێزەکانی هەردەم لایەنگیری ئەویان دەکرد و زۆر بە توونذی خۆشیان دەویست. ئەسکەندەر هەڵمەتێکی سەختی برد بۆ سەر ئەفغانستان و ماوەی ٢ساڵی خایاند، بەرەو باکور پێشڕەوی کرد تا ڕووباری (ئۆکسس). ئەم وڵاتە بە سروشتە دڕندانە و توندەکەی جیاوازە، دانیشتوانە ڕەسەنەکە زۆر زیرەك بوون لە تیرهاوێشتندا، ئەسکەندەر هەر چەندە ڕۆیشتبایە پێشەوە، ئەوا حەزی لە بەرەوپێشچوونی زیاتر بوو.

للمرة الأولى، أصبح اليونانيون جزءا من إمبراطوريته، بدلا كونهم خلفاء مميزين. لم ينزعج المقدونيون بسبب تبنيه للعادات الشرقية فقط، بل من تعيينه الموظفين شرقيين أيضا. حيك عدد من المؤامرات والثورات ضده، لكنه تعامل بشجاعة مع كل واحدة منها. جاءت معظم المشاكل من فريق موظفيه، فيما ظلت قواتة شديدة الولاء له. بدأ « الإسكندر » حملة صعبة على « أفغانستان » استمرت السنتين، وتقدم شمالا حتى نهر « أوكسس ». تميز هذا البلد بطبيعته المتوحشة القاسية، وكان السكان الأصليون بارعين باستخدام السهام. أما « الإسكندر » فكان كلما تقدم أكثر، كلما ازدادت رغبته بالمضي قدما.

کۆچی دوایی

ئەسکەندەر پلانی زۆری هەبوو، لەوانە دووبارە ڕێکخستنەوەی حکومەتەکەی و هێرش کردنە سەر ناوچەی عەرەب، بەڵام لە شاری بابل زۆر بە خراپی تووشی نەخۆشی مەلاریا بوو. چارەسەرە سادەکانی ئەو کات کە هەبوون یارمەتیدەر نەبوون بۆ چاك بوونەوەی، بەهۆی زیاد کارکردنی بە جەستە نەخۆشەکەی، برینەکانی زیادیان کرد، کاتێك کە لە بابل بوو گەشتێکی دەریایی ئەنجامدا. سەرباری هەموو ئەمانە، بەشداربوو لە یاریەکانی خواردنەوەی بە ناوبانگ کە ئەو کات ناسراو بوو. لە ١٣ حوزەیرانی ساڵی ٣٢٣ پ.ز مرد. لاشەکەی خرایە ناو کفنێکی ئاڵتوونی، گوازرایەوە بۆ ((ممفیس)) لە میسر.

الوفاة

كان لدى « الإسكندر » خططا كثيرة، ومن ضمنها إعادة تنظيم حكومته وحملته إلى المنطقة العربية، لكنه أصيب بالملاريا في « بابل »، واشتد عليه المرض. لم تساعد العلاجات البسيطة التي كانت متوفرة في تلك الأيام على شفائه، و زادت جروحه و إفراطه بالعمل من ضعفه، إذ قام برحلة بحرية بينما كان في « بابل ». علاوة على هذا كله، اشترك بمباريات الشرب الشهيرة المعروفة آنذاك. و توفي في ١٣ حزيران / يونيو من العام ٣٢٣ قبل الميلاد. وضع جثمانه في كفن ذهبي، وثقل إلى « ممفيس »، في مصر.

له کاتێکی تردا جەستەکەی ڕەوانەی ئەسکەندەریە کرا، لە گڵکۆیەکی جواندا نێژرا. کاتێك لەسەرە مەرگدابوو، هاوڕێ و سەرکردەکانی هاتن. ئەسکەندەر جێنشینی بۆ خۆی دانەنا، هۆکاری ئەمەش بە نەزانراوی ماوەتەوە. بە هەر حاڵ، کاتێك مردنی بڵاوبووەوە، ئەو پرسیارەی هەمووانی دوودڵ کرد ئەوە بوو کێ جێگەی ئەسکەندەر دەگرێتەوە. ئەسکەندەر ڕزگارکردنی ئەم هەموو شوێنانە بۆ کێ دەهێڵێتەوە؟ ئەسکەندەر بەشێوەیەکی یۆنانی دیارو شێوازێکی کۆن وەڵامی دایەوە و وتی: ئیمپڕاتۆریەتەکەی بۆ ئەو کەسەی بەهێزترینیانە بەجێ دەهێڵێت. لەبەر هیچ ڕێگەیەکی نەهێشتەوە بۆ بوونی جێنشینێکی بۆ خۆی، سەرکردە بنەڕەتیەکان بوونە حوکمڕانی ناوچە جیاوازەکان، لە نێوان خۆیاندا ململانێیان دروستکرد بۆ زاڵبوون بەسەر ئیمپڕاتۆریەتدا.

في وقت لاحق أرسل جثمانه إلى « الإسكندرية »، وتم دفنه في ضريح جميل. عندما كان يحتضر، جاء إليه رفاقه وقادته. لم يحدد « الإسكندر » خليفة له، وظل السبب الذي دفعه إلى ذلك مجهولا. على أي حال، عندما أصبح موته مؤكدا، و باتت المسألة ملحة، طرحوا عليه السؤال الذي أقلقهم جميعا. من الذي سيحصل على الإمبراطورية من بعده؟ لمن سيترك « الإسكندر » فتوحاته؟ أجاب « الإسكندر » بطريقة يونانية بارزة و بأسلوبه الكلاسيكي، أنه سيترك إمبراطوريته للأقوى بينهم. وبما أنه لم يترك مجالا لوجود خليفة له، أصبح القادة الأساسيين حكام المناطق المختلفة، وتنازعوا في ما بينهم للسيطرة على الإمبراطورية.

لە دوای ئەسکەندەر

ڕاستەوخۆ لە دوای مردنی ئەسکەندەر ئیمپڕاتۆریەتەکەی داڕوخا. لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە فرە جۆرو فراونتر بوو لەوەی هەر سیستەمێکی سیاسی بتوانێ حوکمڕانی بکات. بێگومان ئەمە لە توانای شانشینی مەقدۆنیا زیاتر بوو. لە کۆتاییدا، وای لێنەهات ئیمپڕاتۆریەتی ئەسکەندەر ببێتە ئیمپڕاتۆریەتی هەرە بەهێز، بەڵکو لە جیاتی ئەمە، چەند کەسێك ئیمپڕاتۆریەتەکەیان دابەش کرد، هەر یەکێکیان بڕیاریدا لە دراوسێیەکەی بەهێزتر بێت. ڕەچەڵەکی (ئەنتیگونیە) تا سەرهەڵدانی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆما حوکمڕانی کرد. بەڵام خەڵاتی مەزن کە میسڕ بوو، کەوتە دەست بەتلیمۆس کە شانشینێکی دامەزراند و بەردەوام بوو تا قەیسەرەکان داگیریان کرد.

ما بعد الإسكندر

تداعت إمبراطورية « الإسكندر » مباشرة بعد وفاته. ربما يعود السبب في ذلك إلى أنها كانت أكثر تنوعا واتساعا من أن يحكمها أي نظام سياسي. وبالتأكيد، تعدى ذلك إمكانيات مملكة « مقدونيا ». في النهاية، لم تصبح إمبراطورية « الإسكندر » الإمبراطورية الأقوى، وبدلا من ذلك، تقاسمها عدد من الأشخاص، قرر كل منهم أن يصبح الأقوى بين جيرانه. حكمت السلالة « الأنتيغونية » حتى نشوء إمبراطورية « روما ». أما الجائزة الكبرى، وهي مصر، فقد ذهبت إلى « بطليموس »، الذي أسس مملكة استمرت إلى أن احتلها القياصرة.

تاكە كەس لە ڕەچەڵەكی بەتلیمۆس و میراتگری ڕاستەوخۆ و كۆتایی میراتی ئەسكەندەر شازادەیەكی مەقدۆنی _ فیرعەونی بوو بە ناوی (كلیوباترا). ژمارەی ئەو دەوڵەتانە كەمیان كرد كە یۆنان حوكمڕانی ئەوانی دەكرد، بەتایبەت ئاسیای بچوك. ئەسكەندەر لە هەموو ناوچەكانی خۆرهەڵاتی نزیك شاری یۆنانی دروستكرد، بەشێوەیەك كە ڕۆشنبیری یۆنانی لە بڵابوونەوە نەوەستا، بەڵكو بە قوڵی لە شارستانیەتەكانی ناوچەكەدا ڕۆچوو. ئەمە نەبووە هۆی هیچ شڵەژانێكی سادەش لەگەڵ شارستانیەتە خۆجێییەكان، ڕۆشنبیری یۆنانی (بە زمان، هونەر... تاد) لەگەڵ ڕۆشنبیرییە خۆجێیەكان ململانێی دەكرد و هەندێك جاریش بەسەریدا زاڵ دەبوو.

إن الشخص الأخير من سلالة « بطليموس »، و الوريث المباشر الأخير لإرث « الإسكندر »، كان أميرة مقدونية - فرعونية هي « كليوباترا ». تقلص عدد الدول التي يحكمها اليونانيون، لا سيما في أسيا الصغرى. أسس « الإسكندر » مدنا يونانية في كل أنحاء الشرق الأدنى، بحيث أن الثقافة اليونانية لم تقتصر على الانتشار، بل تجذرت بعمق في حضارات المنطقة. لم يؤد هذا الأمر حتى إلى أي توتر ولو بسيط مع الحضارات المحلية، إذ تنافست الثقافة ((اللغة، الفن... إلخ)) اليونانية مع الثقافات المحلية، وتغلبت عليها في بعض الأحيان.

کۆمەڵە وێنەیەك




فلیپی مەقدۆنی باوکی ئەسکەندەری مەزن



ئولێمپیا دایکی ئەسکەندەری مەزن



ئەسکەندەری مەزن ئەو کاتەی لە تەمەنی بیستساڵیدا بووە.



ئەڕستۆ فەیلەسوفی ناودار، هاوکات مامۆستای تایبەتی ئەسکەندەری مەزن بووە.



دراوی نەختینەیی ئەسکەندەری مەزن




ئەسکەندەری مەزن



ئەوەی کە بە سوور ڕەنگ کراوە ڕووبەری ئیمپڕاتۆرییەتەکەی ئەسکەندەری مەزن بووە.



شاری کەلەپووری بابل، پایەتەختی ئیمپڕاتۆریەتی ئەسکەندەری مەزن.



ئەسکەندەری مەزن




داریوسی سێیەم پاشای فارس لە کاتی جەنگ





داریوسی سێیەم پاشای فارس



ئەسکەندەری مەزن لە سەرەمەرگدا



ئەسکەندەری مەزن

ئەم زنجیرەیە

مێژوو پڕیەتی لە دەستکەوتەکانی کۆمەڵێك لەو کەسانەی شوێن پەنجەیان لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو جێهێشتووە. چاکەکە بۆ ئەم کەسایەتیانە دەگەڕێتەوە، ئەمەش نەك تەنها لەبەر ئەوەی یارمەتیدەر بوونە بۆ کێشانی نەخشەی مەشخەڵەکانی جیهانی تازە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕێگای پێشکەوتنیان ڕووناك کردەوە لەبەردەم مرۆڤایەتی. ژیانی ئەم ناودارانە نموونەیەکە شوێن پێی هەڵدەگیرێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیان هێناوە، هەروەها ئەو سوربوونەی هەیانبووە لە پێناو گەیشتن بە سەرفرازی و سەرکەوتن.

هذه السلسلة

يحفل التاريخ بانجازات عدد من الأشخاص الذين تركوا بصماتهم عليه. ويعود الفضل إلى هؤلاء، ليس فقط لأنهم ساعدوا في رسم معالم العالم الحديث، بل لأنهم أناروا طريق التقدم أمام البشرية. إن حياة أولئك الأعلام مثال يقتدى به نظرا للانجازات التي حققوها، وللتصميم الذي تحلوا به من أجل تحقيق النجاح.

لەم چەند لاپەڕەیەدا، زنجیرەی "کەسایەتیە درەوشاوەکان؛ کار و داهێنانەکانیان" شوێن پێی ژمارەیەك لە زانا و داهێنەرو هونەرمەند و سەرکردە و نووسەر هەڵدەگرێت، دەیخاتە بەردەم خوێنەرە تازە پێگەیشتووەکان، خوێنەران دەبینن زۆر سەریان سوڕماوە دوای ئەوەی لە نزیکەوە ئاشنای ژیان و کارەکانی ئەمانە دەبن:

مەهاتما غاندی، نیلسۆن ماندێلا، ئەسکەندەری مەزن، ناپلیۆن پۆنا پەرت، ئەدۆلف هێتلەر، کارڵ مارکس، فلادیمیر لینین، جوزێف ستالین، فیدل کاسترۆ، فرانکلین د. ڕۆزفیلت.

في هذه الصفحات، تقتفي سلسلة " شخصيات لامعة... أعمالهم وابداعاتهم" آثار العلماء، المخترعين، الفنانين، القادة والمؤلفين، وتضعها بين يدي القراء اليافعين، وسوف يجد هؤلاء القراء أنفسهم مسحورين بعد الاطلاع عن قرب على مسيرة حياتهم:

المهاتما غاندي، نلسون مانديلا، الأسكندر الأكبر، نابوليون بونابارت، أدولف هتلر، كارل ماركس، فلاديمير لينين، جوزيف ستالين، فيدل كاسترو، فرانكلين د . روزفلت.

زنجیرەی کەسایەتییە درەوشاوەکان
کار و داهێنانەکانیان

مەهاتما غاندی
ئەدۆلف هێتلەر
ناپلیۆن پۆناپەرت
کارڵ مارکس
فلادمیر لینین
جۆزف ستالین
فیدڵ کاسترۆ
فرانکلین د. ڕۆزفێلت
ئەسکەندەری مەزن
نیلسۆن ماندێلا

چاپخانەی شوان
0750 792 0775